# زانستی (فقه ) لەئاینی پیرۆزی ئیسلام وفەزڵ وگەورەیی

[ كردي – كوردی – kurdish ]


دەستەیەك لە زانایانی ئیسلام

**وەرگێرانی:** زاگرۆس هەمەوەندی

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ علم الفقه وفضله في الشريعة الإسلامية ﴾

« باللغة الكردية »

مجموعة من العلماء

ترجمة: زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# زانستی (فقه ) لەئاینی پیرۆزی ئیسلام وفەزڵ وگەورەیی

ڕێخۆشکردن : کەپێکهاتوە لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

پێناسەی ( الفقه) لە زمانەوانیی و زاراوەدا ، سەرچاوەکانی ، بابەتەکانی ، بەروبوومەکەی، فەزڵ و گەورەییەکەی .

**ماناو واتای ( الفقه ) لە زمانەوانیی و زاراوەدا .**

فقه لە زمانەوانییدا : بەواتای تێگەیشتن دێت، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : {مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِّمَّا تَقُولُ} {هود:٩١} واتە : ئێمە لەزۆرێکی قسەکانت تێناگەین، هەروەها فەرموویەتی : {وَلَـٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ

تَسْبِيحَهُمْ} {الإسراء:٤٤} واته : بەڵام ئێوە لەتەسبیحاتیان تێناگەن.

واتای (الفقه) لە زاراوەی زانایاندا : زانست وزانیای بوون بە حوکمە شەرعیە کردارییەکان کە لە بەڵگە دورودرێژییەکان وەردەگیرێن، وەهەندێکجاریش (فقه) بە مانای حوکمە شەرعییەکان دێت.

سەرچاوە سەرەکییەکانی (الفقه) :

١-قورئانی پیرۆز

٢-سوننەتی پاکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)

٣-کۆدەنگی زانایان (الاجماع)

٤- (القیاس) پێوانەکردن .

**بابەتی ( الفقه ) :**

بابەتی (الفقه) کرداری کەسە باڵغەکانە لەبەندەکانی خودا، بەشێوەیەکی گشتی وگشتگیری، کە پەیوەندی مرۆڤ بە پەروەردگاری وبەخودی خۆی وبە کۆمەڵگەوە دەگرێتەوە .

هەروەها تەواوی ئەو حوکمە کردارییانە دەگرێتەوە کە کەسی باڵغ لە ووتە و کردار وگرێبەند و هەڵسوکەوتەکانی دەریاندەبڕێت، ئەمەش بەدوو جۆرە:

یەکەم : حوکمەکانی عیبادەت وپەرستشەکان لە نوێژ و ڕۆژوو وحەج هاوشێوەکانی ...

دووەم : حوکمەکانی مامەڵەکان لە گرێبەست وهەڵسوکەوت وسزادان وتاوانەکان وزەمانەتەکان وجگە ئەمانەیش کە مەبەست پێی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی خەڵکیە هەندێکیان بەهەندێکی تریانەوە،

ئەم حوكمانەش دەتوانرێت كوورت بكرێنەوە لەم بابەتانەی خوارەوەدا :

١- ئەحكامەكانی خێزان هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە هەتا كۆتایی هاتنی، كە هەر یەك لە حوكمەكانی ژنهێنان وتەڵاق ونەسەب ونەفەقە ومەسروفی خیزان ومیرات و چەند حوكمێكی تری لەم شێوەیە .

٢-ئەحكامەكانی مامەڵە داراییەكان (شارستانی) : كە پەیوەستە بەو مامەڵانەی كە تاكە كەس دەیانكات، لەگەڵ گۆڕینەوەكانیان، لە كڕین وفرۆشتن وبەكرێدان وشەراكەتكردن وچەند حوكمێكی تری لەم شێوەیە .

٣-ئەحكامی تاوانەكان : كە پەیوەستە بەو كارەی كە لەكەسێكی باڵغی موكەلەفەوە دەردەچێت لە تاوان

وخراپەکاری و دەستدرێژی وئەوەیشی کە شایستەی سزادانە لەسەری.

٤-ئەحکامەکانی قەزاوەت ودادوەریکردن : کەپەیوەستە بە قەزاوەت ودادوەریکردن لەکێشە وناکۆکی ودەعوا وڕێگاکانی سەلماندن و چەند حوکمێکی تری لەم شێوەیە.

٥-ئەحکامە نیودەوڵەتیەکان : کە پەیوەستە بەڕێکخستنی پەیوەندی دەوڵەتی ئیسلام بە غەیری خۆی لەلەدەوڵەتەکانی تر لەکاتی شەڕو ئاشتیدا، هەورەها پەیوەندی کەسانی هاوڵاتی ناموسڵمان بەدەوڵەتی ئیسلامەوە، کە بابەتەکانی جیهاد وتێکۆشان وڕێکەوتن وبەڵێننامەکان دەگرێتەوە لەگەڵ دەوڵەتانی تردا.

## بەروبومی زانستی فقە :

زانین وشارەزابوون لە زانستی (فقە) وكارپێكردنی بەرووبومەكەی ئەوەیە خاوەنەكەی وكەسی داوالێكراو (المكلف) چاك وباش دەكات وعیبادەت وپەرستشەكانی ڕاست ودروست، وكاروكردەوە وڕەوشتی بەردەوام وڕاوەستاو دەكات، جا ئەگەر هاتوو بەندەكان ڕاست ودروست بوون ئەوا كۆمەڵگەش ڕاست ودروست دەبێت، سەرەنجامیش ژیانێكی بەختەوەر وخۆشی دەبێت لەدونیا وپاشەڕۆژێكی پڕ ڕەزامەندی پەروەردگاریدەبێت لە قیامەتدا.

## فەزڵی تێگەیشتن وزانستی (فقە) لەدین وهاندانی لەسەر گەڕان بەدوایی وبەدەستهێنانی :

تێگەیشتن لەئاینی پیرۆزی ئیسلام لەگەورەترین ئەو کاروکردەوانەیە کە بەندەکان پێی هەڵدەستن، وەجوانترین ڕەوشت وبەهاجوانەکانە، قورئانی پیرۆز وسوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەڵگەن لەسەر فەزڵی ئەم کارە پیرۆزە وهاندانی بەندەکان لەسەری، هەروەك خوای گەورە وپەروەردگار فەرموویەتی : {وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنْفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ} {التوبة: ١٢٢} واتە : جا ڕەوا نیە هەرچی ئیمانداران هەیە بەجارێک بچن بۆ غەزا (یان بۆ هەرکارێکی پێویست)، دەی بۆچی لە هەر هۆزو دەستەیەک، کەسانێک نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزابن لە ئایین تێبگەن و فێر ببن و قەومەکەشیان تێبگەیەنن و فێریان بکەن کاتێک کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ

ئەوەی ئەوان هوشیار ببنەوە خۆیان بپارێزن لە گوناهو خوا لە خۆ نەڕەنجێنن.

پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ( من يرد الله به خيرا يفقه فى الدين) {ئیمامی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە(٧١) ڕیوایەتی کردووە، ئیمامی موسلیمیش بە فەرموودەی ژمارە(١٠٣٧)} واتە : هەرکەس خوای گەورە مەبەستی خێری پێی هەبێت ئەوا شارەزای دەکات لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و تێی دەگەیەنێت.

بۆیە دەبینین پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) هەموو خێری کورت هەڵهێناوە لە تێگەیشتن وشارەزا بوون لە دیندا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی وگەورەیی ئەم بابەتە وبەرزی پلەوپایەی لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، لەفەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی: ( الناس

معادن خيارهم فى الجاهلية خيارهم في الإسلام إذا فقهوا) {ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە بەفەرموودەی ژمارە ٣٣٨٣، وەموسلم بەژمارە ٢٦٣٨} واتە : خەڵکی وەك کانزاوان، چاکترینیان لە سەردەمی نەفامییدا چاکترینیانە لە سەردەمی ئیسلامدا ئەگەر شارەزا ببن و تێبگەن لەدینەکەیان .

بەم شێوەیە تێدەگەین کە زانستی (فقە) و تێگەیشتن لە دین پلەوپایە و مەکانەتێکی گەورەی هەیە لە ئیسلامدا، وە پاداشتێکی گەورەیش هەیە لای خوای گەورە، چونکە ئەگەر هاتوو کەسی موسڵمان تێگەیشت لە ئاینەکەی وزانی کە چ شتێکی بۆ هەیە و چ شتێکیشی لەسەر پێویستە لە ماف و ئەرکەکانی ئەو کاتە دەزانێت کە چۆن پەروەردگاری لەسەر زانست و

چاوڕۆشنی دەپەرستێت، وخوای گەورەش سەرکەوتوو سەرفرازی دەکات لە دونیا و دواڕۆژیشدا.